کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-11-2007 16:34

**ئەمجارەیان ئەمریکا بە توورکیامان نەفرۆشێ!!! ... هەڵگورد ئەحمەد عومەر**



دواجار و دوای کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازی زەبەلاح و هەڕەشەی بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان بە بیانووی لێدان و لەناوبردنی پەکەکە (لەبنەڕەتیشدا مەبەست لێی لەباربردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان) ــە، حکومەتی تورکیا تۆپەکەی خستە گۆرەپانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتێك رایگەیاند کە تا دوای سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ئەمریکا و کۆبوونەوەی لەگەڵ جۆرج بۆش هێرشە چاوەروانکراوەکەی ئەنجام نادات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەردۆغان رایگەیاند کە تورکیا چاوەروانی هەنگاوی کردەییە لە هاوپەیمانەکانی. هەموو ئەو لێدوانانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کۆتایی هاتنی ئەو قەیرانەبە ئاشتی یاخود بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە وابەستەیە بە کۆبونەوەکەی (5ی نۆڤێمبەر) نێوان ئەردۆغان و جۆرج بۆش.

هەر لە سەردەمی رووخاندنی رژێمی بەعس و تا ئەمرۆش کورد هاوپەیمانی سەرەکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لە عێراق و لەبنیاتنانی عێراقی (هیواو ئاشتی) دا یاریزانی بنەڕەتی و جێگای متمانەی ئەمریکابووە و زۆرجاریش رۆڵی فریاد رەسی بینیوە لە رزگارکردنی ئەو حکومەتە و پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا. بەرقەراری ئاسایش و پاراستنی بارودۆخی هێمنی لەو دەڤەرە و پێشکەوتنە ئابووری هەمیشە وەك ریکلام بۆ عێراقی ئایندە سوودی لێوەرگرتووە.

لەملاشەوە لایەنەکەی دیکەی ئەم قەیرانە کە دەوڵەتی تورکیایە هاوپەیمانیەتێکی مێژو و یی و دێرینی ئەمریکایە، قولایی ستراتیژی ئەو ولاتەیە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەردووکیان ئەندامی کارای پەیمانی ناتۆن. لەمدواییەشدا تورکیا بەناردنی وەزیری دەرەوەی بۆ چەند ولاتێکی عەرەبی و پێشوازیکردنی بەشار ئەسەد لەتورکیاو ئیمزاکردن و رێککەوتن لەسەر هاوپەمانیەتیەك کە دواتر بەسەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ ئێران و وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ سوریا ئەمریکای لەوە ئاگادارکردەوە کە تورکیا دەتوانێت دوور لە بازنەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و لەگەڵ دووژمنە سەرەکیەکانی ولاتە یەکگرتوکان لە رۆهەلاتی ناوەڕاست هاوپەمانیەتی بەستێت ئەمەش ئەو ولاتەی نیگەران کرد، هەر لەبەر ئەوەش ئیدارەی ئەمریکا بەتووندی دژی بریاری بە جینۆسایدناساندنی ئەرمەنیەکان بوو دواتریش کۆنگرێس کە دەرکیان بەم مەترسیە کرد بێدەنگەیان لێکرد. بەکوورتی هەڵکەوتەی ستراتیژی تورکیا ئەوەندە بۆ ئەمریکا گرنگە کە پێموانیە هیچ کاتێك ئاسان بێت بۆ ولاتە یەکگرتوەکان بیر لەوە بکاتەوە دەست بەرداری ئەو هاوپەیمانە گرنگەی بێت بەتایبەتی ئەگەر گوتەکەی جۆرج بۆش بەهەند وەربگرین کە گوتی (ئەگەر ئێران دەستبەرداری چالاکیە ئەتۆمیەکانی نەبێت جەنگی جیهانی سێیەم روودەدا)، بۆیە من پێموایە (هیوادارم لەو بۆچونەمدا هەڵەبم) لەو قەیرانەدا تورکیا کارتی زۆر گرنگ و بەهێزی بەدەستەوەیە یاریان پێبکات کەهەمویان لەکارتەکانی کورد بەهێزترن (خۆ ئەگەر ئێمە ئەڵقە لاوازەکەی نەبین) . ئەوەی تا ئێستا لە ئەمریکیەکان دەبیستین ئەوەیە کە ئەوان (پێیان باش نیە!!) تورکیا هێرشی سەربازی ئەنجامبدات، بەلام ترسم لەوەیە کە ئەگەر ئەمریکا لەنێوان ئەو دوو هاوپەیمانەدا ناچار بە هەڵبژاردن بێت ئەوا دیسان هەروەکو لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا کردی و لەپێناو بەرژەوەندیە بالاکانی خۆی پشتی لەکورد کرد، ئەمجارەشیان کورد بکاتە قوربانی و لەبەرامبەر هێرشەکەی تورکیادا بێدەنگی هەڵبژێرێ و جۆرج بۆش گڵۆپی سەوز بۆ ئەردۆغان پێبکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.